# پرسیارێك دەربارەی وەسوەسە

برایـەك پرسـیارێکی بـۆ نـاردوین _پرسـیارەکە وەك خـۆی چـۆنە وا هێشتومەتەوە_ ئەڵێ : بەڕێزان سڵاوی خوای گەورەتان لێبێت لـە ڕاستیدا من توشی وەسوەسەیەکی زۆر خراپ هاتووم کە ژیانی لێ تاڵ کردووم ئـەو وەسوەسـەیەش بەڕاسـتی گـەر دەری ببڕم پـەنا بـەخوا پێـی کـافر دەبم ئەویش بریتیە لە جنێوو قسەی ناشیرین بە خودای پەروەردگار ، نازانم چی بکەم بۆ دەرباز بوون لەم ڕێگایەدا زۆر قورئانی پیرۆز دەخوێنم و زۆر ذیکـر دەکـەم و سـونەتەکان زۆربـەیان دەکـەم بـەڵام هـەرماوە ئایا لـە ڕووی شەرعەوە من گوناه بار دەبم لەم وەسوەسەیەدا چونکە مـن بـەریم لەمـەدا وە ئایا چارەسەرێکی تەواو چیە بـۆ ئـەم مەبەسـتەدا بـەهیوام زوو وەڵـامم بدەنـەوە لـەو بـارە ناخۆشـە ڕزگـارم بکـەن خـوا پاداشـتتان بداتـەوە زۆر سوپاس .

وەڵام : الحمدلله والصلاة والسلام علـى رسـول الله وعلـى الـه وصـحبه و مـن اتبعهم باحسان اما بعد : وعلـيكم الـسلام ورحمـة الله وبركاتـه بـەڕێز خـوای گـەورە ئێمـەش و تـۆش و هـەموو موسـڵمانێك بپـارێزی لـە وەسوەسـەی شەیتان ، برای شیرینم ئەوەی شەیتان ئەیخاتە دڵمان لە وەسوەسە بـەڵام خۆمان ڕقمان لێیەو نایخەینە سەر زمانمـان و کـردەوەی پـێ ناکـەین ئـەوە خوای گەورە لێمانی ناگرێ چونکە ئەمە لە توانای خۆمـان نیـە پێغەمبـەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفـەرموێ : ( إن الله تجـاوز لأمـتي عمـا توسوس به صدورهم ما لم تعمل أو تتكلم به و ما استكرهوا عليـه ) صـحيح الجامع 1729 . واتە : ( خوا ئوممەتی مـنی عـەفو کـردووە لـەوەی کـە لـە سینگیان _دڵیان_ دادێ لە وەسوەسە مـادام کردەوەی پـێ نـەکا یان بـە

زمان قسەی پێ نەکا وە لەوەش عەفوی کردون کە بە دەست خۆیان نەبێ و بەزۆر پێیان بکرێ ) .

وە هاتوە لە ابو هريرة خوا لێی ڕازی بێ ئەفەرموێ : ( جاء ناس من اصحاب النبي صلى الله عليه وعلى اله وسلم فسالوه : انا نجد في انفسنا ما يتعاظم احدنا ان يتكلم به . قال : وقد وجدتموه ؟ قالوا : نعم قال : ذاك صريح الايمان ) رواه مسلم واتە : ( خەڵکێك هاتن لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم پرسیاریان کرد لە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم وتیان : ئێمە لە نەفسی خۆمان شتی وا ئەبینین کە بە شتێکی گەورەی ئەزانین هەر یەك لە ئێمە کە قسەی پێ بکەین _بە زمان دەری ببڕین_ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرموی : جا ئەوەتان بینیە _هاتۆتە سەرتان_ ؟ وتیان : بەڵێ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرموی : ئەوە صەریحی ئیمانە _خالسی حەقیقەتی ئیمانە وەك بڵێی شیرێکی یان زێڕێکی خالس صەریحی ئیمان مەبەست پێی ئیمانی خالسە_ ) . لەو فەرمودە بۆمان دەر ئەکەوێ کە شەیتان وەسوەسە ئەکا بۆ خوا پەرستان و دژایەتیان ئەکات بەڵام ئەوە نیشانەی ئیمانە کە کەسێك ئەم وەسوەسەی بۆ بێت و بە قسەی شەیتان نەکاو نەیکا بە قسەو بە کردەوە بەڵکو ڕقی لێبێت جا برای ئازیزم سوپاسی خوا بکەو بەردەوام بە لە سەر خوا پەرستیت و بزانە ئەم وەسوەسەیە کە بۆت دێ و تۆش بەرەنگاری ئەکەیتەوەو پێت خۆش نیە ئەوە نیشانەی ئیمانە وە شەیتان دژایەتی ئەهلی ئیمان ئەکا خۆ ئەوەی ئیمانی نەبێ شەیتان وەسوەسەی چی بۆ بکا !

وە برای ئازیزم چارەسەریش خوا بۆی داناوین کە بەرامبەر شەیتانی مرۆڤ بە لێبوردن و بە چاکە وەڵام دانەوەی خراپەکانی ڕزگارمان ئەبێ ، بەڵام

بەرامبەر بە شەیتانی جن ئەوە هیچ ڕێگایەکمان نیە تەنها پەنا گرتن بە خوا نەبێ لەوەی کە بمان پارێزی لە شەڕی شەیتانەکانی جن خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿ وَلَا تَسْتَوِي الْحَسَنَةُ وَلَا السَّيِّئَةُ ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ . وَمَا يُلَقَّاهَا إِلَّا الَّذِينَ صَبَرُوا وَمَا يُلَقَّاهَا إِلَّا ذُو حَظٍّ عَظِيمٍ . وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ الشَّيْطَانِ نَزْغٌ فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ ﴾ فصلت 34=36 واتە : ( وە چاکەو خراپە وەك یەك نیە تۆ بە چاکترین شێوە بەرەنگاری خراپە بکەرەوە ئەو کات ئەبینی ئەوەی لەگەڵ تۆ دوژمنایەتی هەبوو وەك دۆستێکی نزیك و خۆشەویستی لێدێت . جا کەس ناتوانێ ئەمە جێ بەجێ بکاو وەری بگرێ ئیللا ئەوانە نەبن کە ئارام گرن وە ئەوانە نەبن کە خاوەن هێزو تواناو بەهرەی گەورەن . وە ئەگەر لە شەیتانەوە توشی وەسوەسە بویت ئەوە پەنا بگرە بە خوا و داوای لێ بکە بت پارێزێ لە شەڕی شەیتان بێ گومان خواش بیسەرو زانایە ـتۆ ئەبینێ و ئاگای لێتە کە داوای لێ بکەی و هانای بۆ بەری ئەتپارێزێـ ) .

جا برای شیرینم ئەوە چاکترین چارەسەرە کە پەنا بۆ خوا بەری و زۆر زیکری خوا بکەیت و بەردەوام بیت لە نوێژەکانت و قورئان خوێندنت و زیکرەکانی بەیانی و ئێواران و ڕۆژانە والله اعلم داوای لێبوردنیش ئەکەین لە بەر نەبونی کات ناتوانین زیاتر لەوە بۆتی ڕوون بکەینەوە خوا بتپارێزێ لە گەڵ ئێمەو هەموو موسڵمانێك لە شەڕی شەیتان .

**باوکی حارث**